## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (پەشیمانیم لەو تیپەی کە دامەزراند)



لەسەر پەشیمانی یان پاشگەزبوونەوە، گەلێك گوتراوە. ژیان ئەزموونەو، هەر عەقڵەش لە خەسارێ، واتا راستکردنەوەی هەڵەکان، گوڕدانە بەبەردەوامی ڕەوتی تەمەن.

بەش بەحاڵی خۆم سەیرە لەلام کەسانێك کە بڵێن: بەدرێژایی تەمەنم لەهیچ شتێکم یا کارێکم پەشیمان و باشگەزنیم، دیارە من لە خۆمەوە لەوانەش دەڕوانم، سەراپای تەمەنم، تەنها منداڵی و مێردمنداڵی لێدەرکەی، لەبوارەکانی ئەدەب و هونەر کارم کردووە، جگە لەوە هەر لە ژیانی رۆژانەشمدا، بەتایبەتی رۆژانێك لەرێڕەوی ژیانی گشت کەسێکدا، رۆژانی هەرزەیی هەیە، کە بە وردی حساب بۆ گشت وردو درشتی ناکەی، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەکەوێتە هەڵپەو پەلەکردنێ کە کاری ناتەواو دەکەیت و کاڵ و کرچی و ناتەواویی پێوە دیارەو دەنوێنێ. پاشان رۆژانێ دادێ بەدڵ دەڵێت: بریا ئەوەم نەکردایە، ئەگەر هەنووکە دەبوو باشترم دەکرد، نەدەبوو ئەو هەڵەیەم لەدەست دەرچوویایە. جاران دەیانگوت:پەشیمانی دادت نادات، پاشان گەندۆران بەئەژنۆی پەشیمانی دەشکێنێ، یان، پاشان پەنجەی پەشیمانی دەگەزی.. لەگەڵ ئەوانەشدا دەگوترێ، گەڕانەوە لە هەڵە چاکەکارییە. بێگومان لەدوتۆی ئەدەبیاتی کوردیدا خەرمانەهایە نموونە هەیە، ئەوە(سالم) لەئاکامی نەهامەتی و ناکامییەکانی گەلی کوردەوە، بەتایبەتی، پاش جەنگی ناسراو بەجەنگی (عەزیز بەگ)، فەرموویەتی((گێژەڵوکەی بای نەدامەت تاریکی کرد سەفحەی جیهان....)).

کەواتە زۆرجار پەشیمانی یان داننانی پیادا، دادی مرۆڤ دەدات. لەئاینیشدا فەرموویان، گەر لەدوا ساتەکانی ژیانیشدا بێ پەشیمانی لە رەفتارو کرداری خراپەو چوونە سەر رێی راست درووستە، بەڵام هەتا زووتر بێ چاکەی زیاترەو هەمیشە خوداوەند سینە فراوانی بەخشندەیی و لێبووردنە، چونکە خاوەنی میهر و نەوایە..

بەکورتییەکەی و بەکوردییەکەی، ئەم هەموو بەسەرکردنەوەیەو شێرەو بێرەیە بەم و شیردا بۆ داپیردایەم، لەپای ئەو پەشیمانییەوەیە، کە پتر لە چل ساڵی ڕەبەقی بەسەردا رابووردووە، هەرچەندە من لەو مرۆڤانەم، هەمیشە خۆم رەنجدانوەو کەسم نەڕەنجاندووە، ئەگەر تەوریشیان لەکەللەم دابێ گوڵم لەسەریان داوە، من خۆم کوردو کورد واتەنی هەر کانییەك قومێ ئاوم لێخواردبێتەوە مرواری زێڕی رێزو خۆشەویستیم بە ملدا کردووە، نەك خوانەخواستە بەردی لێخنکەرەم تێهاویشتبێ.

ئەوەبوو لەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی، کە ماڵە باوکی هونەرمەندانە کارم دەکرد، هەموان رێزیان لێدەگرتم و پشتیوانییان لێدەکردم و هاندەرم بوون. ئەو دەمە وای بۆ چووم، کە دەبێت لەو هەواری هونەرەدا، منیش

# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

ماڵۆچکەیەکم هەبێ، یان دەوارو رەشماڵێکی خۆم هەبێ، چونکە لە روانگەیەکی دیکەوە لەهونەرم دەڕوانی. بۆیە لەتەك یارانێکدا لەسەر دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی نوێ رێککەوتین و کارم بۆ کرد. تیپی پێشڕەوم دامەزراندن و زاڵبووم بەسەر دەیان کۆسپ و تەگەرەو رێگردا، جگە لەوەی دەبوو لەگەڵ خۆمدا چەند هونەرمەندێکی دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان یان ئاکادیمیی هونەرەجوانەکان بەشداری ئەو داواکاریی دامەزراندنە بن، ئەوەبوو ئەوانەی رووی داوام لێنان، کەسییان دەستیان بە روومەوە نەنا وەکو بەڕێزان(حەسەن تەنیا، سەلمان فایەق، نەوزاد مەجید، بەدیعە دارتاش .....) دەستمان بەکارکرد، ژمارەیەك بەرهەمی هەرە دیاری بزاڤی شانۆی کوردیم پێشکەش کرد، وەك(گۆرانی چایکا، پردی وڵات، چەخماخە، لانەوازان و لالۆ ڤانیا،خەج و سیامەند .....) لەسەروو ئەوەوە دەرهێنەروئەکتەرو مامۆستایان بووم، زۆر نارەحەتیشم لەئەستۆ نابوو، بەرەبەرە هەستم بە رکەبەرایەتی و ململانێیەکی قین لەدڵانەی تەواو نارەوا کرد، ناچار تیپەکەم بۆ بەجێهێشتن و گوتم دەسا با بە ئارەزووی خۆیان تەراتین بکەن و بۆیان تەخت بێ.

بەڵام ئەوەی سەیر هەندێ لەوانەی کە هەر لەسەرەتاشەوە بەئەندام بوونیان رازی نەبووم، چونکە لەئاستی رۆشنبیری و هونەری و رەوەشتی ئەوتۆدا نەبوون کە هاوشانم بن. گەلێك چاکەم دەرهەقی هەریەکێکیان کردووە، چاکەش، کورد واتەنی:((چاکە بکەو بیدەبەدەم ئاوەوە))، هەرچەندە کەسانێك لەو تیپەدا بوون لەو دنیاش هەر خۆشم دەوێن و خۆشیان دەزانن مەبەستم کێیە، ئەوانی دیکەش((لەخۆیان عەیانن)). بەداخەوە هەندێ لەو کۆلکە مرۆڤانە، بەهەڵە لەمارکسیزمی لینینیزم گەیبوون، کە بۆ ئەوان حاڵی بوون مەحاڵ بوو،((حوشترو حەمام کوجا مەرحەبا))، دەنا مارکسیەت هەمیشە زانستێکی باڵاو بە نرخە، نازانم لەو کتێبی(سەرمایە) یەی(مارکس)کە بە چل ساڵێ ماندووبوون و کۆشش نووسیبووی، کە بەردی بناغەی ئەو رێبازەیە،چۆنی لێی تێدەگەن، چونکە بۆیان نەرمەقووت نییە، دیارە منیان بە بیری کوردایەتی یان ئەوپەڕی نەتەوایەتی تۆمەتبار دەکرد کە تاوان نییە، بەهەرحاڵ ئەم قینەیان هەر لە کن بوو.

ئەوەبوو لەو ماوەیەدا، کاکی ئازیزم مامۆستا(ڕەئووف بێگەرد)کە هەمیشە نووسەرێکی کوردپەروەرو بە هەڵوێست بووەو ئەدەبەکەی، بەر لە من گەواهی ئەو ڕاستیەی بۆ دەدەن، بەڕێزیان داوای لێکردم بۆ ژمارەی تایبەتی گۆڤاری ڕۆڤاربە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو عوسمان چێوار کە ئەندامی تیپەکەم بووەو جگە لەوەی لە ژمارەیەك لە کارەکانی مندا ئەکتەر بووە، هەروەها بەڕێز مامۆستا(ئازاد بەرزنجی) کە هەمیشە مایەی شانازییەو بە نموونەیەکی باڵای زرنگی دادەنێم، ئەویش لەسەر هەمان بابەت و داوا جەختی فەرموو، منیش چ لەبەر گیانی کاکە عوسمان و هەروەها قەدرگرانی ئەو دوو مامۆستایەو ڕێزو خۆشەویستیم بۆ خێزان و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو بە خامەی دڵ و ئەڤین و هونەرمەندانە هاتمە حزوور..

بەڵام ئەوەی لام سەیر بوو، چەند ئازیزێکم بینی نیگەران و لالووت بوون لەو گۆڤارو دەزگایە، بە ڕاستی منیش لەبەر دەردەداری بینابیم، کە دکتۆرەکانم خوێندنەوەیان لێ قەدەغە کردبووم، نەمخوێندبوویەوە، پاش زۆرکردنم لەو دۆستانەم حاڵ و حسابەکەیان بۆ گێڕامەوە، منیش هەرچۆنێ بێ بەو زەرەبینە لارجەرەوە کە بۆم تەرخان کراوە، نووسینی یەکێك لەو نابووتانەم خوێندەوە، کە جگە لە هێرشی نارەواو قسەی هەلەق و مەلەق کە نیشانەی بێ ئەمەکی و بێ بەختیەتی کە بواری پەروەردەکردنی بۆ نەرەخساوە، ئەمە هەرچۆن گۆرگی مەزن واتەنی(( بەلایەوە گرنگ نییە لە پای خۆگەرمکردنەوەی خۆیدا دارستانێك بسووتێنێ)).

جگە لەوە سوکایەتی بە هونەرو هونەرمەندانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کردووە، کە مایەی شانازی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە شەرەفی بەشداریی ئەو شۆڕشەیان بەرکەوتووە.

چونکە خۆی و کەسانێك بە ڕەوا دەبینێ کە بەشدارییان نەکردووەو مشەخۆرییان پێ ڕەواتر بووە، باشە بۆ ئەو مشەخۆرییەیان لە باوەش ڕژێمی بەغدادا نەدەکرد.

تانووتی لە شانۆیی(چاڵی جەرگی پیرێژن)م داوە کە لە چیرۆکی(حسێن عارف)ی گەورە نووسەرەو ئامادەم کردبوو و دەرهێنەریشی بووم، کە جاری یەکەم لە یۆبیلێ (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە هۆڵی کراوەی( خلد) لە بەغدا پێشکەشم کردو بۆ جاری دووەم لە سلێمانی و پاشان لە کۆنگرەی ئەدیبانی کورد لە شاری هەولێر، لە ڕۆژانی شۆڕشیشدا لە سەر شانۆی گەڕۆك لە (حاجی هۆمەران) گوایە مامۆستام (حوسێن عارف)پێی باش نەبووە، حەز دەکەم لە مامۆستا بپرسن، من بەش بە حاڵی خۆم هیچ بەرهەمێکم نەکردووە کە بایەخ و بەهای جوانتری پێ نەبەخشم، بەڵام(پیرەمێرد) هەر زوو وەرامی ئەو نیمچە جانەوەرانەی داوەتەوە((پەڵی بەرد بۆ پەلی بەرزەو
لەقەش بۆ داری بەردارە))

جگە لەم پەرپووتە یەکێکی دیکەش لە سلێمانی لەسەر قسەکانم ناماقووڵی کردووە.

بەهەرحاڵ ئەوانە هەر خۆیان بە خۆیان بن و ناچار مام ئەوپەڕی پەشیمانی حاسڵ بکەم سەبارەت بە دامەزراندنی تیپی پێشڕەو هەر لەبەر دڵی ئەوان ئەو تیپەم لە خۆم بێبەری کرد، هەرگیز کارم تیادا نەکردەوە، تکایە یارانم لێم زویر نەبێ، حەپان بۆ مانگەشەو بێزاری کردووم، چغەشی دادیان نادات، مادامەکی ئەوانە لەو تیپەدا بوون، حاشا منی تیادا نەبووم..

**ئەوە(سالم) لەئاکامی نەهامەتی و ناکامییەکانی گەلی کوردەوە، بەتایبەتی، پاش جەنگی ناسراو بەجەنگی (عەزیز بەگ)، فەرمووبەتی((گێژەڵوکەی بای نەدامەت تاریکی کرد سەفحەی جیهان....))**

**بەداخەوە هەندێ لەو کۆلکە مرۆڤانە، بەهەڵە لەمارکسیزمی لینینیزم گەیبوون، کە بۆ ئەوان حاڵی بوون مەحاڵ بوو،((حوشترو حەمام کوجا مەرحەبا))، دەنا مارکسیەت هەمیشە زانستێکی باڵاو بە نرخە**



# پامیلا و کوڕەکانی شانازیی بە یەکترییەوە دەکەن

هەرچەندە پامیلا ئەندرسۆنی بە ڕەچەڵەك کەنەدی ناوبانگی بە فیلمی رووت و ورووژێنەر دەرکردووە بە جۆرێك کە لە هەندێك وڵاتدا رێیان بە نمایشکردنی نەدەدا بەهۆی ئەوەی هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە گرفت بۆ خێزانەکەی و ئێستاش کۆنە هاوسەرەکەی و کوڕەکانی شانازیی بە دایکیانەوە دەکەن.

بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە پامیلا ئاهەنگێکی تایبەت و جیاوازی ساز کرد کاتێك بە یاوەری هاوڕێیەکی سەردانی (مەیامی)یان کرد بۆ گێڕانی ئەم ئاهەنگە لەگەڵ دایلان و براندۆنی کوڕی و باوکیان و بەم بۆنەوەیە ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد و چەند هاوڕێیەکی تایبەتی خۆی و کوڕەکانی بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کرد و لە رۆژی یەکەمی ئەم ساڵدا وێنەیەکی ئاهەنگەکەی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردەوە و لە ژێری نووسیبووی: دایك و باوکێك کە شانازیی بە کوڕەکانیانەوە دەکەن کە ئێستا گەورە.. خێزان، دوو کوڕی گوێڕایەڵ و باش . خۆشەویستی.

دەربارەی کاردانەوەی کوڕەکانی لەسەر کاری پێشووی پامیلا دەڵێ: من وەك پیشە کاری هونەریم ئەنجامداوە و ئەو رۆڵانەی کە تا ئێستا بەرجەستەم کردووە بە ویستی خۆم بووە و کەسیش زۆری لێنەکردووم بۆ ئەنجامدانی، هەر بۆیە هاوسەری پێشووم و کوڕەکانیشم هەست بە شەرمەزاری ناکەن کاتێك لە شوێنێك باسی رابردووی منی تێدا کرابێت، بە پێچەوانە وەك چۆن من شانازییان پێوە دەکەم، ئەوانیش بەم شێوەیە شانازیم پێوە دەکەن.



# بریانکا: گرنگی بە فرۆشتنی پلیت نادەم

ئێستا لە سەرتاسەری جیهان فرۆشتنی پلیت لە هۆڵەکانی سینەمای جیهانی بە گشتی و بۆڵیۆد بەتایبەت بووەتە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر و تەنانەت ئەکتەرە سینەماییەکانیش، چونك خەڵك وەك جاران روو لە سینەما ناکەن و بەردەوام ژمارەی بینەران و فرۆشتنی پلیتەکان رووی لە کەمییە ئەمەش کاریگەرییەکی سەرەکی لەسەر پیشەسازی سینەما هەیە، چونکە تا سەردەمێکی نزیك بۆڵیۆد لە دوای هۆڵیۆدەوە دەهات لە بواری فرۆشتنی پلیتەکان.

بە پێچەوانەی بەرهەمهێنەرانی بواری سینەما کە ترسێکی زۆریان هەیە لەوەی ئەم پیشەسازییە تووشی قەیرانێکی ئابووری ببێت، بریانکا شۆبرای ئەستێرەی سینەمایی رایگەیاند کە ئەو هیچ گرنگییەکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە نادات، بریانکا لەم بوارەوە وتی: بێگومان رۆژانە ژمارەکان دەگۆڕێن من ئەکتەرێکی بەهرەمەندم و رێنماییەکانی دەرهێنەر جێبەجێ دەکەم بۆیە سەیری خۆم دەکەم و تەنیا دەمەوێ کاری خۆم کە نواندنە ئەنجام بدەم و هیچ کاتێك گرنگیم بەوە نەداوە کە ژمارەی فرۆشتنی پلیتی فیلمەکانم چەند بووە، چونکە ئەمە کاری من نییە، ئەمە کاری دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانە و ئەوان دەتوانن بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە و گرنگیی پێ بدەن.



# دوتمیر (سێڕیانا عەشقێ) پێشکەش دەکات

شەڕی نەخوازراوی داعش دژی هەرێمی کوردستان و قەیرانی ئابووری گشت جومگەکانی ژیانی سست کرد و هەندێکی لە کار خست لەوانەش بواری هونەری گۆرانی و موزیك کە زیانێکی زۆری پێکەوت و لەم دوو ساڵەی رابردوو جگە لە چەند گۆرانی و سروودێك بۆ پێشمەرگە بە دەگمەن هونەرمەندان کاریان پێشکەش کردووە، هەرچەند ژمارەیەکی زۆریان بەرهەمیان ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە.

یەکێك لەو هونەرمەندانە، کچە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان دوتمیر بوو کە ماوەیەکی زۆری خەریکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێی خۆی بوو، بەڵام سەختی بارودۆخە ئابوورییەکە و نەبوونی سپۆنسەرێك بۆ گۆرانییەکە وایکرد ماوەیەکی زۆر دوابکەوێت، بەڵام لە کۆتاییەکی ساڵی رابردوو بەرهەمەکەی تەواو بوو، بڕیاریش وایە لە کەناڵە کوردییەکان پێشکەش بکرێت. لە بارەی بەرهەمەکەی و بڵاوکردنەوەی لەم کاتەدا دوتمیر لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵان وتی: دوای چاوەڕوانی و ماندووبوونێکی زۆر و دواکەوتنی بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆتاییدا توانیم بەرهەمە نوێیەکەم تەواو بکەم، ئەم گۆرانییە بە ناوی (سێڕیانا عەشقێ)یە لە تێکستی مامۆستا ئەدیب چەلکی و ئاوازی روندك بامەڕنییە، دەنگی گۆرانییەکە لە ستۆدیۆی دەنگ و رەنگ لە شاری دهۆکی دەلال تۆمار کراوە و لە وڵاتی سویدیش کلیپەکەی تۆمار کراوە و بەم زووانە وەك دیاری پێشکەش بە جەماوەری دەکەم.

لە بارەی بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکەی لەو کاتەدا دوتمیر وتی: دیارە شەڕی داعش و قەیرانی ئابووری و بارودۆخی باکوور و رۆژئاوای کوردستان کاریگەریی بەسەر هەموو کوردێکەوە هەیە لە هەر شوێنێك بێت، رەنگە هەندێك کەس پێیان گونجاو نەبێ کە لەم بارودۆخەدا، بەڵام من دەڵێم میللەتی هەمیشە لە خەبات و شۆڕشدا بووە و ئەم جۆرە بارودۆخە بۆ ئێمە نوێ نییە، ناکرێ لەکاتی هەبوونی شەڕ ژیان بوەستێنی، هەموو کوردێکی بە شەرەف لە هەر شوێنێك بێت بە هەست و دڵ لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان کە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەن و پشتگیرییان لێدەکات، پێموایە بەردەوام بوون لە ژیان و و درێژەدان بە هونەر باشترین وەڵامە بۆ دۆست و دوژمنانمان و بۆ ئەوەی پێیان بڵێین ئێمە میللەتێکی کۆڵنەدەرین دوژمنان بە هەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە لەناومان بەرن و زمان و کەلتوورمان بسڕنەوە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین و دوژمنی زۆر لە داعش بەهێزتر و دڕندەترمان شکاندووە و دڵنیام داعشیش دەبەزێنین، هەر بەم بۆنەوەیەوە رێز و سڵاوی خۆم دەنێرم بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.



نەجلا بەدر بۆ گوڵان:

# دیمەنی ماچ و چوونە نێو ئاوی سارد بۆ من زۆر زەحمەت بوون

**لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەرکەوت، ئەکتەرێکی خاوەن توانایەکی زۆرە و دەتوانرێ لە داهاتوو پشتی پێ ببەسترێ لە کاری گەورەدا، سەرەتا لە زنجیرەکانی ( الزوجة الثانية و ريش نعام و بين السريات و الصعلوك) دا بەشداری کرد، دواتر لە ڕێگای فیلمی (قدرات غير عاديه) کە لە دەرهێنانی داود عەبدولسەیدە، سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و بووە هۆکارێك بۆ کرانەوەی ڕێگاکان لە بەردەمی و هەنگاونان بەرەو پێشەوە لە جیهانی سینەمادا، نەجلا بەدر لەم دیمانەیەدا باس وردەکارییەکان ئەم فیلمە و کارەکانی داهاتووی دەکات.**

**دیمانە: سەفا عەبدولڕازق / گوڵان - قاهیرە**

**• سەرەتا حەز دەکەین بزانین هەستت لە دوای سەرکەوتنی یەکەم فیلمت چییە؟**

- زۆر خۆشحاڵم و هەست بە دڵخۆشییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو پێشوازی و کاردانەوەی جەماوەر و سینەماکاران، چونکە دەرهێنەر داود عەبدولسەید دووبارە جیهانی رەخنەگران و وشەی زیندوو کردەوە و گەڕاندییەوە نێو گۆڕەپانی رەخنەی سینەمایی دوای داکشانێکی زۆر لە جیهانی نووسین، سوپاس بۆ خوا یەکێك لە ئاواتەکانی ژیانم هاتە دی کە کار کردن بوو لەگەڵ فەیلەسووفی سینەمای میسری داود عەبدولسەید.

**• زەحمەتترین دیمەنەکانی فیلمی (قدرات غیر عادیە) چی بوو؟**

- دیمەنی (ماچ) و (مایۆ) و چوونە نێو دەریا لە زستانێکی ساردی ناوچەی (ئەبو قیر) لە دیمەنە زۆر زەحمەت و سەختەکان بوون، چونکە دەریای ئەو ناوچەیە زۆر خراپە، هەروەکا دیمەنی (ماچەکەش) ناخۆش بوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا دەرهێنەر تەنیا بە یەکجار دیمەنەکەی تەواو کرد و پێی دووبارە نەکردینەوە، چونکە من زۆر دەترسام و دیمەنی کۆتاییش لەگەڵ نەخۆش کەوتنی خالد ئەبولنەجا بوو و ئەمە یەکەم دیمەن بوو کە وێنەمان گرت لە فیلمەکە، ئەوەی راستی بێت من زۆر شڵەژام و ترسێکی زۆریشم لە کارەکە هەبوو.

**• تەجرەبەکەت لەگەڵ سیناریۆی (داود) چۆن بوو؟**

- مامۆستا داود عەبدولسەید دەرهێنەرێکە کە لەسەر کاغەز کاری خۆی دەکات، سیناریۆش زۆر جیاوازە، بۆیە بڕیارمدا کە سیناریۆی فیلمەکە لە ماڵی خۆم هەڵگرم، من پێشنیار دەکەم کە مۆزەخانەیەك بۆ سیناریۆکانی گەورە دەرهێنەرە میسری و عەرەبەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی سینەما و ئەوانەی گرنگی بە جیهانی سینەما دەدەن، بیانخوێنن و لێیانەوە فێر بن، چونکە سیناریۆکان چەندین ماددەی زانستییان تێدایە.

*** داود عەبدولسەید چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردی؟**

- داود عەبدولسەید ئەوەیە کە دەرهێنەرێکی هێمن و رۆشنبیر و خاوەن ئیقاعێکی جیاوازە، لە هەمان کاتدا خاوەن رەوشتێکی بەرزیشە و یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو دەرهێنەرە گەورەیە کە بە دەگمەن لە دەرهێنەرانی تردا دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ، ئەوەیە کە غیرە لە تیمەکەی خۆی دەکات، چونکە لە کۆتاییدا وەك رۆح مامەڵە لەگەڵ ئەکتەردا دەکات، نەك وەك ئامێر، لە راستیدا من قەت هزری ئەوەم نەدەکرد ئێمە لە شوێنێکدا وێنە دەگرین کە لە چێشتخانەیەکی ماسییەوە کراوەتە بە نسیو ن و لەکاتی چوونمان بۆ شوێنی وێنەگرتن تووشی شۆك بووم، چونکەچێشتخانەیەك بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش گۆڕا بوو بۆ تابلۆیەکی جوان هەر لەبەر ئەوەش بوو کەوتمە داوی خۆشەویستی ناوچەی (ئەبو قیر)ەوە.

*** چیتر زیاتر سەرنجی راکێشای؟**

- من زۆر خۆشحاڵم بە جیهانی داود عەبدولسەید، چونکە یەکەم جارە دەچمە نێو ئەم جیهانە سیحراوییە، لە راستیدا ئەنەسی ئەبو سەیف ئەندازیاری دیکۆر و مامۆستا داود شارەزاییەکی زۆریان لە بواری سینەمادا هەیە و رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە گۆڕینی ئەو چێشتخانە سادەیە بۆ شوێنێکی وا جوان.

*** فیلمی (قدرات غیر عادیە) فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هیچ خەڵاتێکی بەدەست نەهێنا دوای نمایش کردنی لە هەردوو فیستیڤاڵی دوبەی و قەرتاج، ئایا ئەمە دەرهێنەری توڕە نەکرد؟**

- کاتێك پرسیاری بە دەست نەهێنانی خەڵاتم لە دەرهێنەر کرد، وتی: من لە ژیانمدا خەڵاتی زۆرم بەدەست هێناوە و گرنگترین شت لای من ئەوەیە کە خەڵك فیلمەکەم ببینێت، لە راستیدا وەك رای کەسی خۆم زۆر حەزم دەکرد کە مامۆستا داود عەبدولسەید خەڵاتێك بە دەست بهێنێت، چونکە شایەنی خەڵاتە.

*** داود عەبدولسەید فیلمەکانی تەنیا ئاراستە چینێکی دیاریکراوی جەماوەر دەکات، ئایا ئەمە نابێتە هۆی بێزار بوون؟**

- من بیرم لە هیچ شتێك نەکردۆتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە کاری لەگەڵدا بکەم، زۆریش خۆشحاڵ بووم کە چوومە نێو جیهانی فەیلەسووفی سینەمای میسری، من حەز لە سینەمای داود دەکەم، و هەمیشە هەوڵمداوە کاری وا ئەنجام بدەم کە شانازییان پێوە بکەم، چونکە من رێز لە خودی خۆم و لە خەڵك دەگرم لە رێگای بەشداری کردنم لەو کارانەی کە بەهایەکی هونەری و مێژوویيان هەیە.

*** خالد ئەبولنەجا بیروڕای سیاسی بێزارکەری هەیە، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر داهاتی فیلمەکە نابێت؟**

- بێگومان بیروڕاکانی بە هیچ شێوەیەکی کاریگەرییان لەسەر فیلمەکە نابێت، پێویستە لەسەر هەموومان کە را و رای جیاواز قبوڵ بکەین و رێز لە دیموکراتییەت بگرین، ئەویش وەك هاووڵاتییەك مافی خۆیەتی هەرچییەکی بوێ بیکات، هیوادارم ئێمەش وشیار بین و جیاوازی بکەین لەنێوان خالدی هونەرمەند و خالدی هاووڵاتی ئەوەشمان بیر نەچێت کە خالد چەند هەنگاوێکی هونەری باشی هاوێشتووە پێویستە رێزیان لێ بگیرێت، من وەك نەجلا حەز ناکەم بیروڕای سیاسی خۆم دەرببڕم.

***هەرچەندە پاڵەوانی فیلمەکە منداڵێکە، بەڵام لەنێو ئەو فیلمانە پۆلین کراوە کە دەخرێنە ژێر چاودێری خێزانی ئەمە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- من هیچ زانیارییەکم دەربارەی پۆلینکردنی فیلمەکە نییە کە بەو ناوە بێت، بەڵام دەرهێنەر بیرۆکەکەی قبوڵ کرد و فیلمێکە بۆ هەموو تەمەنەکان دەبێت نەك تەمەنێکی دیاریکراوە، ناوەڕۆکێکی زۆر باش لە خۆ دەگرێت و هەموو بینەرێکی دەتوانێت سەیری بکات، چونکە هیچ شتێکی تێدا نییە کە دووربێت لە رەوشت و بەها پیرۆزەکان.

*** دوای (قدرات غیر عادیە) کاری داهاتووت چییە؟**

- بەشداریم لە دوو زنجیرە درامادا کردووە لەگەڵ عەدل گروپ ئەوانیش (هێڵی حەریر) و (کەوتنی ئازاد) و کاریێ لەگەڵ خانمە ئەکتەری گەورە یوسرا و یەکێکی دیکەش لەگەڵ نیللی کەریم و نووسەر مەریەم نەعوم و لە راستیدا وەك ئافرەتێك زۆر خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا کار دەکەم.

**پێشنیار دەکەم کە مۆزەخانەیەک بۆ سیناریۆکانی گەورە دەرهێنەرە میسری و عەرەبەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی قوتابیانی سینەما و ئەوانەی گرنگی بە جیهانی سینەما دەدەن، بیانخوێنن و لێیانەوە فێر بن**

